

# ئاغابانوو

لەیلا نوورانی
(مەهاباد)

زەردە خەریک بوو لار دەبووەوە و بەرەبەرە لە تین و گوڕ دەکەوت، سێبەر لەبەر یەک دەکشانەوە. ڕاست بەرانبەری چەقیم و چاوم تێبڕی، هیچ کوێی نەگۆڕابوو. بەردەکان لە مستمدا بوون، ڕۆژێک پێشتر بەدانستە لە دەم چۆم بۆیان گەڕابووم، دەمزانی چ جۆرە بەردێک هەڵگرمەوە، سووک و پانکەڵە، لەوانەی توێ توێن. سێ دانەی شینبۆزم گوڵبژێر کرد و دە گیرفانە چکۆلەی جانتاکەم هاویشت. لێی چوومە پێش و دەستم بە دیوارەوە گرت، بە دڵپڕی سڵاوم کرد. لە حاستی دەرکە گاڵەدراوەکەڕا بە دابی جاران سێ کەڕەت بە دەورەیدا گەڕام، لاقەکانم لەسەر مافوورەی زەردوسووری گەڵاکان، لە دوو نەدەهاتن، شەماڵی بێ ئۆقرە، سەروبسکی وەسەما دەخستم و تۆزێ پێی ئەهوەن دەبوومەوە.

سەرم مەنجەڵۆکێکی بەتاڵ و حەتاڵ بوو و بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، زارم بووبوو بە تەڵەی تەقیو و هیچ نزایەکم بۆ نەدەهات. کە لێبوومەوە دانیشتم و پاڵم وەدەرکە کەسکەکەی پەنامەوە دا. هەستم دەکرد خەریکە بەری تاڵی و ئازاری ژیان لە داری ڕوحم دادەوەرێ. چەند ساڵ و زەمانە بوو ڕێم دەو ئارامانە نەکەوتبوو، کەچی سەت جارم خەون پێوە دیتبێ کەم بوو. هەمیشە لە خەونەکانمدا منداڵ دەبوومەوە و لە دەوروپشتی دەتریقامەوە و هەڵبەزدابەزم دەکرد. ئەلعانیشی دەگەڵ بێ زۆر جاران لە خۆشی پاتەبوونەوەی ئەو خەونە، هەر دەگەڵ مریشک و کەڵەباب هەڵدەنیشن، دەچم دە جێ و بانانەوە و بە زەبری داوودەرمانیش بێ خۆم دە خەو دەکەم.

دانەیەک لە بەردەکانم تاقی کردەوە و هەستامە سەر پێ و چاوم لە دیوارەکە کرد، خشتەکان جێجێ قووڵ بووبوون ، چاوم قوچاند و نیازی دڵم سێ جار پاتەکردەوە و دوای یەک دوو هەناسەی قووڵ، بەردەکەم بە دیوارەوە نا و کوتم خودایە هەوەڵێ بەتەمای تۆ، دوایی بەحەقی ئەو پیاوچاکەی نێو و نێوبانگی دە دنیا گەڕاوە، بە مەقسوود و مراد بم. چاوم هەڵهێنا و دەستم لێ بەردا، بەردەکە بەربووەوە بن لاقم، وەک دەست دە جەرگ و دڵم وەردەن بێتاقەت بووم، دە دڵە خۆمدا کوتم ماڵینەوێرانم ناکا تازە وەخۆم نەکەیەوە؟! جا ئەوە قوڕی کوێ وەسەر کەم! دایکم دەیکوت دەبێ زوو زوو بەسەری کەینەوە، مەیلی بنێین تازە دوعامان ناچێتە بەر لەقایە. داوە جاڵجاڵۆکەی ترس هەناومی تەنی.

بێهێز بووم و لە حاستەخۆم بەربوومەوە. لینگم جووت ڕاکێشا و سەرم وە خشتەکاڵەکان کرد، چاوم ئاوی تێ زا. بۆنی خۆڵم بۆ دەهات. فیکر و خەیاڵ هەڵیداشتم و ئەو ڕۆژەم کەوتەوە یاد کە بۆ هەوەڵ جار ڕێم کەوتە ئەو شوێنە، قرچەقرچی نوێژی نیوەڕۆ بوو، دایکم دەستی گرتبووم و جانتا هەڵمساوەکەی بە دەستەکەی دی هەڵگرتبوو، ئەوەندەمان ئارەقە کردبوو، بەژنی سەرێی جلەکان پێمانەوە نووسابوو، ئەوێ دەمێ دەرکە کەسکە گەورەکەی هەمیشە لەسەر گازەرای پشت کرابووەوە. وەژوور کەوتین و لەلای سەروو دانیشتین، چاک بوو ئەو تاوە بێعارەمان لە کۆڵ بووبووەوە و سێبەر باڵی بەسەردا کێشابووین، دایکم بە لکی سۆرانی، ئارەقەی سەروچاومی دەستڕییەوە، هەرتکمان هەر هانکەمان دەهات. چاوی لە گلێنەی چاوم بڕی، ئێستا ترسم نەڕەوییووەوە، دیار بوو پێی زانیبوو، بە پێکەنین کوتی چاکمان خۆ شاردووەتەوە، تا سبەینێ لێرە بین کەس پێمان نازانێ.

سەری بەردابووەوە و خەریک بوو جانتاکەی دەپشکنی، زارجوویەک بنێشتی دەرهێنا و لەتکێکی دا دەستم. پاڵی وە دیوارەکەوە دا و ئیستێکی چاک چاوی گێڕا، نیگای لەسەر میچی ژوورەکە لەنگەری گرت. لەپڕ بزەی هات، گەشگەش بووبووەوە. دەستی لەسەر شانم دانا و کوتی دایکیدایکم، خودا هێلانە بۆ دەعبای کوێر دەکا، تازە تا تاو لەو لایە هەڵێ و لەم لایە ئاوا بێ، ئێرە ماڵەبابمە. ئینسان قوڕیش وەسەر کا لە دەرکی گەورەپیاو و خانەدانان وەسەری کا، هەی بەقوربانی شار و حوکماتیشت بم. سەرم بەرداوە، گوڕەگوڕی باپیرم هەر لە گوێمدا دەزرینگایەوە، لە پێش چاوم لا نەدەچوو، هەر بە کەوشەوە هاتبووە ژوور و وەک ژانی کردبێ، دەهات و دەچوو. چاوی ئەوەندە لە ژێڵڵا هێنابوو، بەسەر دایکمدا دەینەڕاند و دەیکوت ئەو عەرزە خۆ لەو ئاسمانەدا ناهێڵم لێرە بی، چما کەڵەگای! ئەی پشتشکاو و کۆستکەوتەت نەکردم؟! چما ئەمن سەرم وە بن گڵی کەوتووە ئەتۆ وەک گەزۆومازۆ ماڵە کوڕەکەم بخۆی ها؟! ئەو مازربابە کێیە هاتووە ئەتۆم لێ دەخوازێ؟ تێرمان خوارد سبەی ڕۆژێ ملئەستوورێک لەسەر خۆت دابەستی و ئەمنیشت پێ مێشەکوێرێک نەبێ؟! خەیاڵت خاوە دێڵەبەڕەڵڵا! پێت هەڵناخەڵەتێم.

قامکەشادەی ڕادەوەشاند و هەڕەشەوگوڕەشەی لە دایکم دەکرد و هەر تفەتفی بوو و دەیکوت ئاخر ئەو ئاورە هەر لە گۆڕی تۆ هەڵدەستا، دەنا کوڕی من ئەو پیاوە بوو وەدووی کڵاوی خوار کەوێ؟! ئەو بەزموڕەزمانە بە وی چ داخڵی! زەریفی دە گوێ گرە، ئەلحان نا ئەلحان دەبێ

لەو ماڵە وەدەر کەون، پێت وایە خەڵک وەک خۆت کەنگری خیزێ؟! ئەمن شا شەرمم لێ دەکا، سێحەب خزم و تایفەم، هیچی دی لێت قەبووڵ ناکەم دۆست و دوژمنمان پێ خۆش کەی. ماڵ کاول! خەڵک وەکە ئەنگۆ نێ حەیا بەخۆیە، بابت ئەگەر شەرەفی با، نانی هاری بەدەمەوە نەدەگرت، لە شاخ و کێوان سەری نەدەناوە، چاو ئاقڵ و ماریفەت و ڕێوشوێنی ئەو بۆرەپیاوەی، دایکت لە حەیف و داخانی وەزگی دا و ئەتۆشی چاو لە دەستی مەرد و نامەرد کرد، هەر لە قوون دەرکان گەورە بووی چۆن چاک دەردێی! ئەوجار قاقا پێکەنی و کوتی جا کابرا ئەوەندە خوێڕی دەبێ ماڵە خۆی شەمچەی لێدەی بۆسۆی لێ هەڵنەستێ، بەتەماش بێ مافی خەڵک لە شا بستێنی؟! ئەتۆش چوویەوە سەر بابەخوێڕییەکەت.

پاکی تووڕەهاتە تووڕەهات، کەللەتان بە پەین و پاڵ ئاخنراوە، بۆیە وا تەواون. دەستی بۆ لام ڕاداشت و کوتی ئەو سەرەخۆرەیەش بەرە، ئاخر لە تەشک و داوێنی تۆ بەرنەبووەتەوە، ئەمن مردوو ئەتۆ زیندوو نابێتە هیچ سەیەک، ئەگەر وا نەبوو ئەو موویە لە پیاوان نەهاتبێ. چ بەتەما نیم ببێ بە گۆچانی پیریم لە تۆرەمەی ژنیشکەی وەکە تۆ بێ، تۆومان ببڕێتەوە زۆر چاترە. بە شەرەفم هەتا دەژیم دەگەڵ سەی کۆڵانان بەنەحلەتتان دەکەم هەی ڕووڕەش.

دەستە لەرزەکەی بۆ لای دەرکە ڕاداشت و کوتی دەی هەستن دە خۆتان هەڵدەن، ئاخخخ لە ترسی لۆمەی عەبدی نەبا ئە لێرە زیندەبەچاڵم دەکردی، ئابڕووت کردوومە ئابڕووی پیوازفرۆشی... دایکم خەریک بوو جلەکانمانی لە یەغدان دەردەهێنا و زوو زوو ئاوڕی وە من دەداوە، هەتا بناگوێی سوور هەڵگەڕابوو، ئەمنیش لە سووچێک سەرم وە ئەژنۆم کردبوو و دەگریام. سفرەکەمان هەر وا لە گۆڕێ بوو و بۆنی شۆرباوکفتە دە وڵات گەڕابوو. دیار بوو دایکم هەر خۆی دەخواردەوە.

لەبەر دەرکی حەسار خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕووی دە باپیرم کرد و کوتی ماڵەکەت وەک چڵکی سەگ لێمان حەرام بێ، خاترجەم بە قەت چاوت پێمان ناکەوێتەوە «مین ئاغا»، هاتووی بەربینگمان پێ دەگری و خەتاباریشمان دەکەی هەی ساواکی خۆفرۆش! خۆم بە سەت پیاوی وەکە تۆ ناگۆڕمەوە، حەیف بوو مێردی من کوڕی تۆ بوو. ڕۆژت دێتەوە کونە مشکت لێ بێتە قەیسەری، دنیا دەوران دەورانە.

باپیرم بۆی هات، ئەمن زیراندم و دایکم پاڵێکی پێوە نا و شەق دەروازەی پێک دادا. ئیدی هەر ئەو وەدەر کەوتنە بوو تازە لێک دیدار ئاخرەت بووین. پازدەساڵ دوایە باپیرم دە سەرەمەرگدا پیاوی لە دوو ناردین بچین بە شەماڵی من بدا و گەردنیشی ئازا کەین، ئەگەرچی ماڵێکی وای نەمابوو و دوای ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی تەواو لێکەوتبوو. دایکم قایل نەبوو و کوتی ئەو کابرایە سەیرە خەریکە کڵاو لەسەر خوداش دەنێ، تازە ئەو دوو ئافرەتەی وەبیر هاتووەتەوە؟! بەسەری خۆی دەبێ ئەو ئاواتە بەرێتە بن گڵی.

بەش بەحاڵی خۆم پێی تێ نانێم ئیدی کچەکەشم ئیختیار بە خۆیەتی، خۆ خوێن نابێ بە ئاو، چۆن کەیفی دەیگرێ با وا بکا، بەڵام هەرچەندی کردم نەمتوانی بە دڵی باپیرم بکەم . ئەو ڕۆژە هەتا بانگی شێوان لە گومبەزان مابنەوە، دایکم هەر ڕادەما و هیچی نەدەکوت. ژنێکی خریلەی ئێسک سووک لێمان پەیدا بوو ، دوای نوێژ و پاڕانەوە و تەسبیحات، ماوەیەکی چاک تێمان فکری و دوایی دەستێکی

بـە جانتاکەمانـدا هێنـا و ڕووی دە دایکـم کـرد و کوتـی ڕۆڵـە قسـەیەکت پـێ بڵێـم لـە دڵـت گـران نایـە؟ دایکـم متەقـی نەکرد. ژنـە کوتـی: بـەو بـار و بارخانەتانـەوە دیـارە لێقەومـاو و شـتن وایـە؟ دایکـم سـەری لەقانـد. ژنـە خرپلەکـە کوتـی خـۆ سـەری دنیـا بـە پـووش نەگیـراوە، کافرسـتانیش نـێ، ئـۆۆۆۆۆ ماڵـی نەوێرانـم لـەو ڕۆژە ڕەشـەی! ئەگـەر پێـم قایـل بـن وەرنـە ماڵـە دایکۆڵـەی خۆتـان، لـە خـولای بـەرەژوور کـەس شـک نابـەم. بـە نـازی ڕەسـووڵەڵڵایە قەرەواشـیتان دەکـەم، ئەنگـۆ ئاودەنگیـم بـن وەدەزانـم خـولا بەسـەری کردوومـەوە، ئەگەرچـی ئـەو زەمـان بەرخـی بـن سـەوەتە بـووم و نەمدەزانـی دنیـا چ باسـە، بـەڵام ئـەو ڕۆژە دنیـا پێـی سـەلماندم خـودا گـەر دەرکێـک داخـا، سـەتان بـە ڕەحمەتـی خـۆی دەکاتـەوە، ئـەو ژنـەی لێمـان بـوو بـە پـەری و دوایـی بـە «پوورخـارا» نێومـان دەهێنـا، دیوێـک و پێشـخانەیەکی لـە حەسـاری خۆیـان داینـێ و بووینـە ئاومـاڵ.

بـە قرەقـڕی قشـقەڵە وەخـۆ هاتمـەوە و لـە بەحـری خەیـاڵ دەرکەوتـم. ئاخێکـم هەڵکێشـا و سـەرم هەڵبـڕی، گەواڵـە هـەوری پانوپـۆڕی چڵکـن بـە بـەری میچـی ئاسـمانەوە نووسـابوون. هاڕەهـاڕی ماشـێن نەبـێ، وڵات پەپـووی لـێ دەخوێنـد، وەک شـار چۆلگـە بـێ. جـاران ئێـرە هـەر جمـەی دەهـات، دەسـتم بـە کڵاوەی ئەژنـۆم گـرت و ڕاست بوومـەوە، تـا مۆخـی ئێسـقانم ژانـی دەکـرد، بەردەکـەی دیکـەم بـە دیوارەکـەوە نا و دە دڵـە خۆمـدا دیسـان نێتـی دڵـم کوتـەوە، نەمدەوێرا دەسـت لـە بەردەکـە بـەردەم، دڵـم وەهـای لـێ دادا شـەپۆلی خوێنـی گـەرم لـە دەمارمـدا، مـووی لـە قالبـم قـرژ دەکـرد. دەسـت لـێ بـەردان و کەوتنـە خـواری بەردەکـە یـەک بـوو، ئیـدی بەتـەواوی هیوابـڕاو بـووم. بەردەکـەم هەڵگرتـەوە و سـێرەم لـە ئاسـمان گـرت و هەتـا بـۆم کـرا هاویشـتم و بـە بانـگ و سـەڵا گریـام. وەختـی وا دەهاتـە سـەرم و ئـەوەی بەسـەر زارمـدا دەهـات نەمدەگێڕاوە. وە هەناسـەبڕکە کەوتبـووم. دانیشـتمەوە و سـەرم وە ئەژنـۆم کـرد. سەروبسـکم هەتـا گوێزینگـم شـۆڕ بووبوونـەوە.

سـۆزی سـەرما وەک سـووژن تێـم ڕادەچـوو. ڕقێـک هێرشـی بـۆ هێنابـووم باشـاری خـۆم نەدەکـرد. وەک ئـەو قینـەی باپیـرم تۆوەکـەی بـە ڕوحـم وەرکـرد و تـا ئـەو ڕۆژەی گڵەبانـی چـاوم دەکـەن لـە یـادی ناکـەم. دایمەودەرهەمـی خـودا داخـی ئـەوەم لەسـەر دڵ بـوو، باپیـرم بەئانقەسـت نێونیتکـەی «سەرتاشـراو»ی بەسـەر دایکمـدا بـڕی. زۆر جـاران ئـاگام لێبـوو شـەوانە پێـش نووسـتن، کەزییـە قەترانییەکانی دەکردنەوە و شـانەی داری دە جامەئـاو هەڵدەکێشـا و ملـی لاردەکـردەوە و سـەبر سـەبر دایدەهێنـا، گـوڵاو و عەتـری بـە سەروبسـکیدا دەپرژانـد و وەک تـای بارانـە فرمێسـکی هەڵدەوەرانـد. نەمدەزانـی ئـەو کاتانـە بیـر لـە چ دەکاتـەوە، خـۆم لـێ گێـژ دەکرد و بـە شـتێکەوە دەخافـڵام، بـەڵام دەمزانـی دایکـم هەمـوو شـەوێ کەزییەکانـی لـێ دەبنـە ڕەشـمار و پێـوەی دەدەن و دە چاڵـی ڕەشـی بیرەوەرییـە تاڵەکانـی دەهاوێـن.

ئەوەنـدە پێگەیبـووم کـە چاکـە و خەراپـە لێـک کەمـەوە، زۆر جـار شـەوان لـە ژووری پوورخـارا، بـەدەم پێچبادانـەوە بەسـەرهاتی خـۆی نێوەنێـوە دەگێڕایـەوە و دەیکـوت ئـەوەی سـەری تاشـیم دەگـەڵ باپیـرت نانیـان بـێ یەکتـر نەدەخـوارد، دەمزانـی فیتـی خـۆی بـوو، پاشـی بابـت لـە خـودای بـوو بـە پەنـدی پسـاتم بـەرێ. لەسـەر شـەقام وێـڕای زۆربـەی خۆپێشـاندەران گیرایـن،

سێ مانگ دوای بێسەروشوێنی بابت، خەبەر هات کوتیان وەرن مەیتەکەی بەرنەوە، لە قسان خۆی دەرماندراو کردووە. قەت باوەڕم بەو پیلانە نەکرد.

تازە شەش مانگ بوو لە عەجەموستان بەدزی زەماوەندمان کردبوو، مینئاغا سەت جاری بە چاومدا دەداوە دەیکوت قڕنوو! خۆت بەسەر کوڕی مندا بڕی و دانیشتی، کافری سەت دینان بم مارەییت نەهاتووە، ئاخر کرمانج و ئاغا چۆن ڕێک دەکەون؟! هەتا دوای مردنی بابت لەسەر دەستی دادگە ملزەم بوو. پوورخارا دەیکوت هەی نەبێ، بە شاڵی شێخی ئەو زاڵمە خۆی لە ئیمان کردووە، چش با بیبا بۆ قیامەت، ڕەببی دە قەبریشدا نەحەسێتەوە.

دایکم دەیکوت دوای چەند مانگ هێنان و بردنی خۆڕایی، وێڕای خوێندکارەکان بەربووین، بەڵام داریان لە ڕوحمان دا و تێکڕاولێکرا لە زانکۆ وەدەریان نان. شەوێک پێشتر منیان تاق کردەوە و سەریان پاکپاک تاشیم و وێنەیان لێ گرتم. ئەو دەم تازە وەزگم کەوتبووی. پیاوی خەزوورم قاسید کرابوون بە ئەنقەست وێنەکەیان دەرک بە دەرک لە کووچە و کۆڵان و قەیسەری شار بڵاو کردەوە. چاوەڕێ بوو خەڵک بەری دەرکەم پێ بگرن و پاشەوپاش سواری گوێدرێژم کەن و گۆزێکم ماست وەسەر گێڕن، خوڵا هەڵناگرێ کەس خۆی تێنەگەیاندم، بەڵام چ لووتیشیان تێم نەبوو.

ماوەیەکی چاکی پێ چووبوو لەنێو شار سەرم هەڵنەدەهات، لە من بەدەر کچی کەس ڕێی دە دەرک و بەندیخانان نەکەوتبوو و ئاوای لێ بەسەر نەهاتبوو، بووبوومە بزنی قەشان. ئەتۆ پێت هەڵگرتبوو، ئێستا چاک وەدەر نەدەکەوتم، ئەگەر شتێکم پێویست با بە شەو دەچووم.

وەک گولی دوورئاوایی کەس تخوونم نەدەبوو، ترسێکی مین ئاغاشیان دە زگی دابوو. هەتا دەوران گۆڕا و خوداوڕاستان بوومە مامۆستای قوتابخانە و وردە وردە ڕووم دە ئاوەدانیان کردەوە و ڕاهاتم. ئەی چۆن بابەکەم ئاوام هێناوە لە ژێڵڵا.

دایکم سەرەڕای ئەو هەموو نەهاتییە قەت خۆی نەدەدۆڕاند، شەوانە بەزمی پێچ بادانی دایکم لە ژووری پوورخارا خۆش بوو، ئەگەر پێچی حاجی و کوێخا و کەیخودایانی وەبەر کەوتبا پێش هەڵوەشاندنی دەیکوت قەست و نییەتمە هەتا ڕیشووی ئەو پێچە لەسەری ئەو پیاوە جووڵەی دێ لە زەبروزەنگ بکەوێ و زمانی لە ڕاست کچ و ژنی نەگەڕێ.

بۆ جحێڵەکان دەیکوت ڕەببی خودا شۆقی وێسپی نەبیتان لە ڕوخسار هاوێ و کچۆڵە و مچۆڵە شێت و شەیداتان بن، جا ئەوەندەمان سوحبەت دەکرد و پێدەکەنین وەخت بوو بپسێین. جگە لەو شەوەی زستان کە کلووی بەفر ئەوەندە ئەوەندە دەهاتنە خوار، ئاغابانوویەکی قەد نەشکاوی، لەسەر کۆشی دانا و دەرزی بەدەستەوە گرت. چایەکەم لە پێش دانا و کوتم دەی با بزانین چ نیەتێکی لێ دەهێنی؟ وێڕای پوورخارا چاومان لە زاری بوو، کەچی هەست و خوستی لەخۆ بڕی.

چاوەبەڵەکەکانی دەتکوت پیاڵەیەکیان دەڕژێ تێدایە و ترووسکەیان دەهات. کوڵمەی بووبوونە خاشخاشک. پوورخارا بزەی هات و سەری ڕاوەشاند، دوای ئیستێکی چاک کوتی ڕۆڵە ڕیشووەکانی قووڵەقووڵە بادە، ئەوە بۆ دە مل کردنە. ئەو شەوە هەرچەندی هێنام و بردم سەرەدەرم لە ئاکارەی دایکم دەرنەکرد.

لە گێژاوی خەیاڵ خۆم ڕزگار کرد، هەستام

و ورده ورده دوور کەوتمەوە، پریشکەی دەکرد و دنیا ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو و دەتکوت خۆڵەمێشی لەسەر دابێژراوە. لە دوور چاوم لە گومبەزان کرد و بەردەکەم بە سینگمەوە نا، دە دڵە خۆمدا دەمکوت پردی سوور و مزگەوتی سوور و ڕێگاوبان هەمووی ئی پیاوەتیتە، بناغەی ئەو شارەت دانا «بەداغسوڵتان»ی بابەگەورەم، بە گەورەیی خۆت ئەو جارەش فریام کەوە، پشتم بەرمەدە لە تۆ بەدەر کێ شک دەبەم؟!

بە قوربانی گۆڕوگۆڕخانەت بم باب و باپیرم. ئەگەر ئەتۆ وەخۆم کەی وەدەزانم دنیام لە پشتە، چ بکەم فرچکم بەو باوەڕە گرتووە، ڕووم لێ ناوی هەناسەساردم نەکەی. بۆنی بارانە سییەکانی پڕ کردم، لقوپۆپی ڕووتەڵەی دارەکان بە دەستی با نەرم نەرم ڕادەژان، ترسم ڕێ نیشتبوو، ئەوە دەبوو بە سێ دانە جار نییەتێکم پاتە دەکردەوە، بەشکم ئەوجارە بیگرێ و مرادم حاسڵ بێ. گرمەیەک هات و یەک بە خۆم هەڵبەزیمەوە، چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد، دڵم گەرم داهات، وەک لقی شۆڕەبی دەلەرزیم، خواخوام بوو نەبووڕێمەوە. ئەگەر ئاوڕم داوە دوو ماشێن وێککەوتبوون، شۆفیرەکان دابەزین و بوو بە هەڵا و هەنگەمەیەک سەگ سەحەبی خۆی نەدەناسییەوە. بە تەنیشت قەبرەکاندا بۆ لای چووم و دیسان لە دیوارەکە نزیک بوومەوە، نەمتوانی بەسەرپێوە بم، پاڵم داوە و چاری ناچار هەڵتروشکام. لەوێ ساڵەوە ئەو ئازارەم لەسەر بوو. ئەو ساڵەی کەس خۆشی دە دڵدا نەما و شار شڵەقابوو.

دوو شەو بوو بەشەرێک نەیوێرا بوو لە ماڵە خۆی وەدەر کەوێ، شەڕێک بوو باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەبوو ، ڕیزە بۆشکەی حەسار وەک بێژینگیان لێ هاتبوو و بۆ نەفت وڵاتی هەڵگرتبوو و قڕی کردبووین. شووشەکانی پەنجەرەی ژووروبانی پوورخارا وەک پووڵەکە بە وڵات وەربووبوون. مەلابانگدانان کە دنیا ئەهوەن بووبووەوە، خەڵک وەک مارومێروو بە کووچە و کۆڵانان وەربوون، سوار و پیادە هەر کەسە ڕوحی خۆی هەڵدەگرت و شاریان جێ دەهێشت، دووکان و بازاڕ پاکی داخرابوون. لە نیوەی ڕێگە، نیزیک گومبەزان تۆپێکیان هاویشت، خەڵک وەک ئاردی نێو پێکوڵان بە هات و هاوار بڵاوەیان کرد. گوێچکەکانم هازەهازیان دەهات و دەتکوت سەرم هەزار ژەنگەسوورەی هاروژاوی تێدا بوو و هیچ دەنگێکی دەرەوەم نەدەبیست. دایکم لە تاوان، وەخت بوو ڕوحی دەرچێ. خۆمان دە گومبەزان ڕاکرد و دەرکەکەمان لەسەر خۆمان پێوە دا. جانتاکانمان دانا و یەکترمان دە باوەش گرت. سینگم هەر دەفی دەدا و دەست و لاقم بۆ ڕانەدەگیرا. پوورخارا هەر خۆی دەسەر دەگێڕام و ئازای ئەندامی دەپشکنیم، نەوەکوو پریشکەم وێ کەوتبێ.

ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، تا بەیانی هەر قسەم پەڕاند، ڕۆژی دوایە، شارمان بەجێهێشت و مانگێک لە دێهات ماینەوە هەتا وڵات خۆش بووەوە و گەڕاینەوە. ئەو ساڵی زانکۆم تەواو کرد و لە نەخۆشخانە دامەزرام، دایکم شەوێک پەڵپی گرت و کوتی دایکم مرێ و بابم مرێ دەبێ لەو وڵاتە بار کەین، شار تەمی لەسەرە، لێرە بم هەر وەزگ دەدەم. ئەختوچارم دەکرد لێی حاڵی نەدەبووم بۆ وا دەکا، وەک مریشکی سەربڕاو حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. چەند مانگ دوایە بوومەلێڵی پاییزێکی درەنگ بە چاوی پڕ فرمێسکەوە بە یەکجاری شار و زێدمان بەجێ هێشت، بۆ خۆی هەموو پاییزان دەهاتەوە، دەیکوت زەردوسووری نیشتمانم، جا ئەگەر

تێکەڵی بارانە دەبێ سەت غەمت دە دڵدا بێ یەکت پێ ناهێڵێ، چەند غەمڕەوێنە هەر خودا دەزانێ. دەو دواییانەدا کە پەکی کەوتبوو و کەڵکی هاموشۆی نەمابوو، دە خۆی ڕانەدەدی بێتەوە. کە پاییز دادەهات ئاغابانوو بە ڕیشوویەکەی دە ملی دەکرد و دەچوو لە نێو دارستان لەسەر کورسی دادەنیشت، ئەگەر پێم کرابا جارجار دەگەڵی دەچووم، نارەنارەکەی هەر مابوو، لە تاوان هەر جینگڵی دەدا و دەیکوت بەزیادم نەکرد، پاییزی غەریبایەتی هەر گرێت دە دڵی دەهاوێ و هیچی دی.

قەت نەمزانی ئەو ئاغابانوویە ئی کێ بوو، قەدەرێکی چاک نەما ، پاشی هەڵات هەڵاتەکە هەر ئەوەندەم زانی بە کوڵەکوڵی نیوەڕۆ کە لە قوتابخانە هاتەوە دە ملی دابوو و ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو. لایەکی ئاغابانوویەکە هەموو خۆڵ و خاک بوو و جێجێ پەڵەی سووری چکۆڵەی تێدابوو. دایکمی وا بەقێزوبێز بێئەوەی دە ئاوی وەردا بوخچەیەکی مەخمەری سووری تێوە پێچا و پاروو سابوون و توورەکە مێخەکی چکۆڵەی دە نێو نا و لەپەنا چراتۆڕی سەر تاقە داینا. زۆر شەوان دەیهێنا گۆڕێ و تێرتێر بۆنی پێوە دەکرد و لەبەرە خۆیەوە دەیکوت «بەو بایە دەژیم لەلای تۆوە دێ».

پوورخارا هەتا ئەو شەوی دە خەودا کەس دەنگی لێ نەزانی و بۆ هەمیشە بێکەسی کردین، دە کەلێن و کولێناندا بەسرتە پێی دەکوتم کچەکێ ئەو سەرەم لەبەر تاو سپی نەکردووە، ئەوە ئی هەر کەسە، ئەو ژنە دڵی پێوەیەتی. بە گۆڕی شەهیدان وا هەر نێ! خۆ ئەو دایکەت هێند سەیرە پرێسکەی دڵی ناکاتەوە و لێم بووەتە مەتەڵۆکە. دایکم بەین بەین لە غەریبایەتی، دە قساندا پێی دەکوتم بەندی دڵەکەم، لەو دنیایە ڕقت لە هەر کەس بوو، بڵێ ئۆۆۆ ڕەببی خۆشەویستت دە شەڕی زۆرداران کەوێ ، جا لە حەسرەتی هەتا ماوە ڕۆژێ جارێک گۆڕەوشار دەدرێ و لە دنیای ڕوون هەر ئەوەندەی بەسە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و دنیای پڕ لە حەسرەتی بیرەوەرییەکانم بەجێ هێشت. سەرماوسۆڵە هێرشی هێنابوو، دەستە بێهێزەکانم بە دیواری گومبەزەکەوە گرت و هەستامە سەر پێ. بارانە دادیدابوویە و جێی وشکم ددانم بوو، ئاغابانوویەکەم لە جانتاکە دەرهێنا و بەسەر خۆمدا دا، بۆنی مێخەک دنیای داگرت، بەردەکەم بە دیوارەکەوە نا و بەدەنگی بەرز پاتەم کردەوە: لە نییەتی ئەوەی ئیزن بدەن مەیتی دایکم بهێنمەوە و لەسەر وەسیەتی خۆی ئە ئەلێرەی بنێژم. بە هەموو هێزودەمای خۆم دامگرت سەرەقامکەکانم تەزیبوون، ئەوجار دەستم کشاندەوە، بەردەکە دە قووڵکە چکۆڵەی خشتەکەدا قەتیس ما.